# بازنەکان

فەلەکەدین کاکەیی



(١)

بازنە لە ناو بازنە، لە ناو بازنەدا(١)...
ئەوەیە شێوەیەکی پێکهاتەی ژیان و گەردوون.

کەس و، هیچ چتێک(شتێک) نییە لە بازنەیەک، یا چەندین بازنە، بەدەر بێ.

مرۆڤ، لەسەرەتای چروودانی هۆش و هزرو ئەندێشەیەوە، هەوڵیداوە گەردوون بخاتە چوارچێوەی(ئەندازیارییەوە)...

سێگۆشەیی، چوارگۆشەیی، بازنەیی، خڕوگرد،.. دیاریشە زۆربەی زاناو بیرمەندەکان لە ئاستی بازنەییدا راوەستاون. (فیساگۆرس)ی فەیلەسوف و زانای ماتماتیک، هەروەها ئەفلاتوون و، چەند بیرمەندی دیکە، هەوڵیان داوە وێنەیەکی ئەندازیاری بە گەردوون بدەن.

(٢)

کەس نییە لە بازنە بەدەر بێ.

هی وەها هەیە لە ناو چەندین بازنەی تێکالاوی یەک لە ناویەکدایە. خۆ هیچ نەبێ... ئادەمیزاد بوونەوەرێکی فیزیاییە، کەواتە لە ناو بازنەی(ئەلکترومیگناتیسی) خۆیدایە.

هیچ چتێک(کە بە هەورامانی کۆن بە مانای«شت» بەکارهاتووە»، لەو بازنەیە بەدەر نییە.

دوای بازنەی فیزیایی سروشتی... بازنەی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی، بیرو کەلتووری، جوگرافیایی ژینگەو، هی تر، دێ، چاپی دووەمی رۆمانی(کوێخا سێوێ)ی بەڕێز عەزیزی مەلاڕەش کەوتەوە بازاڕ.

کەواتە رۆمانەکە بازنەی خۆی دروستکردووە. ئەوەی دەیخوێنێتەوە دەکەوێتە بازنەکەیەوە. ئەوەش لێی دەکۆڵێتەوەو رەخنە دەربارەی دەنووسێ دەکەوێتە بازنەیەوە. دیسان... ئەوانەش کە رەخنەکە دەخوێننەوە، بازنەکەیان بەردەکەوێ.

(٣)

پرسیارەکە ئەوەیە: تۆ لە ژیانا، بازنەسازی، یا چتێکی ناو بازنەکانی؟... چاوەڕوان دەبێ تا بکەویتە بازنەکەیەوە؟ سەرەنجام، تۆ لە بازنەکان دەرباز نابی. ئەگەر بازنەساز نەبێ. ئەوا بازنەکان چاوەڕوانتن.

ژن و پیاوە بلیمەتەکان ئەوانەن کە گەورەترین بازنە دەخوڵقێنن.

بەداخەوە جەنگفرۆشانیش بازنەی گەورە(بەڵام پۆسەتیڤ/نەرێنی) دەنێنەوە، کە بازنەی مەرگ و مەینەت و ماڵوێرانییە.

لێ، بلیمەتێکی وەکو(ئەدیسۆن)ی ئەمریکی لە وزەی کارەبا(کە هەمیشە هەبووە) ئەو حەمگە داهێنانە دەدۆزێتەوەو، هەموومان دەخاتە بازنەی رۆشنایی و سوودە جوانەکانی دیکەی وزەی کارەبا.

لە ئەسڵدا، بەشەرو گشت زیندەوەرو بوونەوەرێک هەمیشە لە بازنەیەکی گەورەی کارەباییدا بوونە. گەردوون، لەسەرێکەوە، وزەیەکی مەزنی کارەباییە، خودجۆش و خود خرۆشە. گۆی هەتاو(خۆر) کوورەیەکی مەزنی پڕ لە گازی هەیدرۆجینە، دەسووتێ و بڵێسە دەدا. هەموومان لە بازنەی تیشک و گەرمایی و وزەی هەتاوین.

هەتاو ئەستێرەکانی لە بازنەی کاکێشاندایە، ئەمیش لە بازنەی گەردوونی بێهاوتاو بێسنوورە. هزرو ئەندێشەم، ئا ئێستا، لە بازنەی هەبوونی ئەم گەردوونە دایە... بازنەکان، هەندێ جار، بەدەستی مناڵان پەیدا دەبن، هەندێ جار... گەورەکان.

بەڕاستی..(گەورە) کێیە؟! مەگەر ئەویش مناڵەکە نییە؟ چ جیاوازییەکی هەیە، ئەگەر مناڵ بێ یا گەورە بێ، ئەوەی بەردێک فڕێدەداتە ناو گۆماوێکی مەنگ و، دەیان بازنەی بچووک و گەورە بەناو گۆمەکەدا، دەتێننەوە؟! مەگەر هەر بەردەکە نییە؟! مەگەر هەر بازنەکە دروست نابێ؟

کەوابێ، هەموومان، کەمو زیاد، بازنە سازین، زۆربەی جاران، بەبێ خۆ ئاگایی، بازنە دەنێینەوە، ناشزانین کێ دەکەوێتە ناوی.

بازنەی گەورەی وەها هەیە لە(وتەیەک) دەنرێتەوە... هەر وشەیەک بازنەی خۆی هەیە، سێبەری بازنەکان دیارە. ئەوەی لە سێبەری بازنەی وشەکان ئاگاداربێ... زۆربەی وەخت خۆی دەخاتە بازنەی(بێدەنگی).